کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-8-2007 21:47 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بنەما ژێرخانیەکانی ئابووری کوردستان پێویستی بە میتۆدی ستراتیژی هەیە ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com



بەو پێوەدانگەی کە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین قەدەر وای کردووە هەموو تەمەنمان بە شەڕ و شۆڕ بەرێخست و چیرۆك و سەربووردەکانی جەنگ بەشێکی زۆری دەمەتەقێ و حیکایەت و بیرەوەریەکانمانی دابڕ کردووە، گیانی شەڕانگێزی سەرانی رژێمی لەناوچوو جڵەوکێشی خەڵکی ئێراقی بۆ ویشوومە و شەڕە یەك لە دوای یەکەکان دەکرد و تاکو دەرئەنجام سەری سەرانی خۆیشی خوارد، خەرج و وزە و توانایەکی یەکجار زۆر لە توانا مادی و مرۆیەکان لەو هەموو شەڕە سەر و ماڵ کاولکاریانەدا بوونە سوتەمەنی جەنگ و ئێراق وەکو تەیرێکی باڵ هەڵکروزاو و ماڵێکی بەکەلاوە بوو و وڵاتێکی وێران لە شەڕەکانی (ئێراق و ئێران) و (ئێراق و کویت) دەربازی بوو، وێڕای ئەوانەش ئابڵۆقەی ئابووری و گەمارۆی نیو دەوڵەتی لە سەر ئێراق ئەوەندەی دیکە گرانی و قات و قڕی و نەهامەتیەکانی شەڕی لە سەر شانی خەڵکی ئێراق بێئامان و قورستر کرد بۆیە بوار و مەفەری ئەوە نەبوو گەلانی ئێراق پشوویەك بدەن بۆ ماوەیەك ئۆخژەنی هەناسەیەکی حەسانەوە هەڵبکێشن و ئاوڕێك لە ژیان و گوزەرانیان بدنەوە، باجەکانی شەڕ میللەت بژاردی و قوربانیەکانیان پێشکەش کرد و خەسارمەندی یەکەم و کۆتای هەر ئەم میللەتە بەش مەینەتە و ستەمدیدەیە بوو و تاکو هەنوکەش بەو سۆنگەیەوە هەندێك لە دەوڵەتان خێرمان پێدەکەن و سەرف نەز لە قەرز و سوی قەرزەکانیان دەکەن و منەتبارمان دەکەن، سەرباری ئەوەش کوردستان لە رۆژانی پێش جەنگەکان بە حیساب رۆژانی خۆشی و ئارامی کە (هەرگیز نەمان بینی) لەو پەڕی فەرامۆشی و پەراوێزخراو و پشت گوی خراویدا بوو، ئەوەی شارەزای مێژووی ئێراق بێت دەزانی هەر لە یەکەم چرکە ساتەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە کە پاشتر بەزۆری زۆردارەکی باشوری کوردستانیان پێوە لکاند تاکو کاتی گیانەڵا و دوا ئاویلکەدانی رژێمی بەعس خەڵکو خاکی کوردستان گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا کە مانایەك بەبەردەوام بوونی ژیان لە کوردستاندا ببەخشێت و گەلی کوردیش هەست بە دڵنەوایی و ئارامی بکات لە سایەی فەرمانڕەواکانی ئێراقدا خۆی بەوە بزانی فەڕ و خێری لە ئێراقی بوونی بینیوە، لە شەڕە بەزیو و دۆڕاوەکانیشدا رژێم داخی دڵی بەکوردستان دەڕشت ئەوەتا لە سەروەختی شەڕی ئێراق و ئێراندا زیاتر لە 4500 گوندی وێران و خاپور کرد، کە ئەوەش رەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر رەورەوەی بەرەو پێشچوونی ژیان و ئابووری کوردستان هەبوو بووە هۆی پەککستنی پرۆسەی کشتوکاڵ و بەرهەمەکانی تری جوتیارانی کوردستان و کاڵبوونەوەی هۆگری خەڵکی لادێکانی کوردستان بە خاك و زەوی و زارەکانیانەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق هەر لەسەردەمی پاشایەتیەوە تەواوی کۆمپانیا و فابریقە و کارگە بەرهەمهێنەرەکان و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان بۆ ناوەڕاست و باشوری ئێراق بوو کوردستان لێی بێبەش مەحروم بووە، ئەمە قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگری رەنگە لەم نوسینەمدا نەتوانم مافی خۆی پێبدەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-8-2007 21:47 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

ئەوەی ئەز مەبەستمە لێردا قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە ئێمە ژێرخانی ئابوری ولآتەکەمان هیچی بەسەرهیچەوە نەماوە و لە سەر شیرازە و سکەی خۆی دەرچووە چونکە هەموو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لە خزمەتی جەنگدا بووە عقەڵیەتی شەڕ لەم مەفتەنەدا زاڵ و خاوەن ماڵ بووە، دەشێت ئەمڕۆ ئاوڕێکی جدی لەو دۆخە ناهەموارە بدرێتەوە و ئیش بۆ ئایندە و دوا ڕۆژ بکرێت تاکو بنەما ژێرخانیەکانی ئەم هەرێمەی خۆمان پێش بخەین و لەوێوە کار لە بنەما سەرخانیەکانی کۆمەڵگا بکرێت، سەرباری ئەوەش لە مەترسی هەڕەشە ناوخۆی و دەرەکیەکان بۆ برسی کردن و تاساندنی هەرێم و خەڵکی کوردستان دوور دەکەینەوە، ئەوەی تاکو ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەکرێت لە پێناو گەشەکردن و بەرە پێشچوونی خێرا و بە پەلە باش کردنی بنەما ژێرخانیەکانی کۆمەڵگا دا نییە، هەرچەندە من باوەڕم بەوە هەیە کات ڕۆڵی کاریگەری لە ئەنجام دانی هەر پرۆسەیەکدا هەیە کە بەرنامەرێژی بۆ بکرێت پێویستی بە سەقفی زەمەنی هەیە بەڵام بەو مەرجەی کە میتۆدی کارکردنەکە ئامانج بێت و هەنگاوی بۆ بهاوێژرێت و وەکو دەڵێن ((ڕێگا هەزاران فرسەخ بێت بە یەکەم هەنگاو دەست پێدەکات)) لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پازدە ساڵی تێپەڕاندا و قەڵەمبازی بەسەر گەلێك چورتم و ئاستەنگ و نەهامەتیەکاندا داوە کە بەرۆکی قۆناغە هەستیار و ناسکەکانی تەمەنی ئەم حکومەتە خۆماڵیەی گرتبوو.

ئەوەی تاکو ئێستا لە کوردستاندا کراوە و دەکرێت هەموو پرۆژی ئیستهلاکین و بەشێکن لە دابین و فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵك و هیچ لەوانە پرۆژەی ئابووری و بەرهەمهێنان نیین کە بکرێت ئێمە لە ئایندەدا پشت بە داهات و بەرهەمە خۆماڵیەکان ببەستین و ببێتە مایەی بوژاندنەوەی شادەمار و ڕەگە حەیاتیەکانی ئابووری کۆمەڵگا و دەستی کار بخاتە جوڵە و ئیش کردنەوە، زۆر لەو کۆمپانیا و کەرتی تایبەتانە کە لە وڵاتە جیاجیاکانی دونیاوە هاتونەتە کوردستان تاکو بە گوێرەی ئەزمونی خۆیان بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی کوردستاندا بکەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگای کارکردنیان پێدراوە و بانگهێشت کراون، ئەوانە بۆ مەرامی دەستکەوتە مادیەکانی خۆیان هاتوون هەرچەندە بەگوێرەی گرێبەستەکانیان سودیان بۆ کوردستان هەیە لە جونکاری و ڕازاندنەوەی بەشێك لە شارەکانی کوردستان بە کۆشك و تەلار و ئاپارتمانی جوان و بەرز و دڵڕفێن، بەڵام وەکو ئاماژەم بۆ کرد هەق وایە بۆ دروستکردنی کارگە و فابریقە و هەڵهێنجاندنی سامانە سروشتیەکانی کوردستان بانگهێشت بکرانایە چونکە تا ئێستا کاڵاو شتومەکی هەناردەمان نییە جگە لە نەوت کە ئەویش لە ژێر ڕکێفی ڕژێمی ناوەندیدایە و هەموو ئەوانە لە بازاڕدا هەیە هاوردەیە.

هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەسەلە ژێرخانیە ئابووریەکان بەرنامە و میتۆدی ستراتیژی هەبێت تاکو لەو ئاستەنگ و قەیران و محنەتە ئابووریانە کوردستان ڕزگاربێت، بەمەش ڕەشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا چەندین هەنگاو و پێنگاف دەچێتە پێش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.